

# لە هاوڕێیانەوە بۆ منداڵی سەردەم



## لولەی کوشندە

هەمووومان باش دەزانین جگەرە زیانی زۆرە بۆ لەشو دەروونو ڕۆحی مرۆڤ. پزیشکەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە جگەرە زۆر زیانبەخشە بۆ تەندروستیی مرۆڤ. هەروەها حکومەتەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، کۆمپانیاکانی جگەرە دروستکردنیان ناچارکردووە، کە لەسەر پاکەتی جگەرە وریاکردنەوە سەبارەت بە مەترسیی جگەرە بنووسن. دوای ئەو ناچارکردنە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، لە جگەرە دووربکەوینەوە، چونکە جگە لە خۆمان، زیانی بۆ ژینگەش هەیەو کاریگەریی خراپی بۆ ئەو کەسانەش هەیە کە نزیک جگەرەکێش دادەنیشنو پێیاندەڵێن جگەرەکێشی لاوەکی.

**سۆران شەهاب – سابونکەران (سلێمانی)**



## کەروێشکو ڕێوی

ڕۆژێک کەروێشکێک نەخۆشکەوتو نەیتوانی بچێتەدەرەوە بۆ خواردن پەیداکردن. بەچکەکەی پێیوت: نیگەران مەبە دایکە، من دەچم خواردن دێنم. دایکەکە وتی: نا جگەرگۆشەکەم، ڕێوی دەتخوات، چونکە بچووکو بێهێزیت. بەچکەکە وتی: نا دڵت لای من نەبێو چووە دەرەوە. پاش پەیداکردنی خۆراکو لەسەر ڕێی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ڕێوی بینییو لێی پرسی: بچکۆلەکە بۆ کوێ دەچیت؟ بەچکەکە وتی: خواردنم بۆ دایکم پەیداکردوەو بۆی دەبەم. ڕێوییەکە: نا ناڕۆیت، تۆ ژەمە خواردنی منی. بەچکەکە وتی: تکایە مەمخۆ، من لاوازو بچووکم، من شوێنی کەروێشکی قەڵەوو گەورە دەزانمو ئامادەم پیشانتی بدەم. ڕێوییەکە: دەی خێراکە با بڕۆین. بەچکەکە ڕێوییەکەی بردە کێڵگەیەک، کە کەروێشکی لێ نەبوو، بەڵکو سەگی پاسەوانیی زۆری لێ بوو. بەو شێوەیەش لەدەست ڕێوی ڕزگاریبوو.

**محەمەد ئەحمەد – بەکرەجۆ (سلێمانی)**



## لەسەر ڕێگەوبان

ڕێگەوبان بۆ ئەوە دروستکراوە مرۆڤو ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی گواستنەوە بەسەریدا بڕۆن. مرۆڤ کۆششی زۆری کردوە بۆ بنیاتنانی ڕێگەوبانەکان، بەڵام کەی مرۆڤایەتی بایەخی بە بنیاتنانی ڕێگەوبان دا؟ ئەوە کاتێک ڕوویدا کە عەرەبانە داهێنراو مرۆڤ کەوتە بەکارهێنانی ئەو عەرەبانانەی ئاژەڵ ڕایاندەکێشێت بۆ گواستنەوە، ئەوەش نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایینی.

**سورەک حسێن – قەڵادزێ**



## دەڵێن

- لێبوردەیی کارێکی چاکەو سەقامگیری دەچەسپێنێ.
- گوێدرێژ یەکەمین ئاژەڵە بۆ بارکردن بەکارهێنراوە.
- سێ شت گرنگن بۆ مرۆڤ: ڕاستگۆیی، سەرڕاستیو دادپەروەری.
- ژیان کورتە با بەباشی بەسەریبەرین.

**ئاسۆ کەریم – ئازادی (هەولێر)**